ئەگەر پێمانوابێت ، وەڵامەکانی ئێمە تەواو و دوا دەرکی مرۆڤایەتین ، ئەوا خەریکین لە خۆمان بتێك سازدەکەین. هەروەها ئەگەر پێمانوابێت ، ئەو سیستەمی ڕێکخستنەی کۆمەڵگە ، کە ئێمە خەباتی بۆ دەکەین ، دوایین چاوەڕوانی و گەشەیەکە ، کە مرۆڤایەتی پێیدەگات ، ئەوا دیسانەوە خەریکین پووچگەراییەکی دی لە تەپوتۆزی پۆوچگەراییەکانی دیکە ، چێدەکەینەوە. سۆشیالیزم بەهەشتێك نییە لە ئاسمانەکانەوە دابگرین و لە پەڕاوی ئەفسانەکاندا بیدۆزینەوە و مۆدێرنیزەی بکەین ، سۆشیالیزم خەونی مرۆڤی زیندووە و بە پراکتیکی شۆڕشگێڕانە کەتواریی دەبێتەوە و سەرکەوتنیشی لە کولتووربووینی دا دەبێت ، بەبێ ئەوە ، لە خەیاڵی گۆشەگیرانە و فەنتازی ئایدیالیستانە بەولاوەتر نابێت.                                    هەژێن

## بەشی نۆهەم

ئێوە لە کۆڕوکۆمەڵەکاندا ونن و ئامادە نین ، ئیتر دەکرێت بزانین مەیدانی خەباتی ئێوە کوێیە ؟ یا ئەوەتا بۆ ئێوە پشتی دەزگایەکی چاپ و نووسین بووەتە هەموو مەیدانێکی عەمەلی ؟

ئازیزم ، بەر لەوەی وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە ، دەکرێت بزانم ئەو کۆڕ و کۆمەڵانەی کە تۆ مەبەستن و ئەنارکییەکان بەشداریيان تێدانا‌کەن ، کامانەن و لە کوێی خەباتی کۆمەڵایەتییدا وەستاون ؟

ئەگەر مەبەستت لە سەندیکاکانی سەربەدەسەڵاتە یا ڕێکخراوە پاشکۆکانی پارتە چەپەکانە ، کە هەر ڕۆژەی لە شوێنێك وەك کارگی بەهاران قوتدەبنەوە و پاش ماوەیەك بۆگەندەکەن و دەپووکێنەوە ، ئەوا بە بۆچوونی من ئەوانە نەك کۆڕ و کۆمەڵی کرێکاریی و جەماوەریی نین ، بەڵکو هەوڵێکن بۆ دەستەمۆکردنی دەستبەکاربوونی خۆبەخۆیی جەماوەر و کرێکاران و نەبوونیان زۆر لە بوونیان باشترە ، چونکە باش پووکانەوە و نەزۆکی هەر یەکەیان ، دونیایەك نائومیدی لای جەماوەر بە خەبات و توانای خۆی ، بەجێدەهێڵێت !

لەو بارەوە دەیان نموونەی بیست ساڵی ڕابوردوو لەبەردەستدان ، لەوانە "یەکێتی بێکاران لە کوردستان" ، کە هەزاران کەس خۆی وەك ئەندام تێیدا ناونووسکردبوو و "ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان" ، کە هەموو شتێك بوو ، تەنیا سەربەخۆ نەبوو ، "کۆمەڵەی ئاوارەکانی کوردستان" ، ڕێکخراوەکانی بەناو کرێکاران و کارمەندانی خەستەخانەکان و شورای پەنابەران و لە سەرووی ئەوانەوە فێدراسیۆنی سەرتاسەری ڕێکخراوە کرێکارییەکانی کوردستان ، کە هەموویان لەتەك پووکانەوەی پارتەکانی حیکمەتیزم ، بوونە مەرەکەبی سەر کاخەز.

ئەو هەوڵە پارتییانە نەك تەنیا مایەپووچ و دەستەمۆکەری کرێکاران و زەحمەتکێشانی نارازی بوون ، لەوەش خراپتر نائومێدگەری دەیان و سەدان ئەندام بوو ، کە لەو ڕێکخراوە پاشکۆیانەدا کۆببووبوونەوە و هەنووکە باوەڕیان نە بەخۆیان و نە بەتوانای چینایەتییان نەماوە و قەدەری خۆیان داوەتە دەست بزووتنەوەی ڕامیاریی وەك لیستی نیئۆجەلالییەکان (لیستی گۆڕان).

بە بۆچوونی من ، ئەگەر لە کوردستان ئەنارکییەك بوونی هەبێت و لە خەباتی کۆمەڵایەتییدا بۆ باشترکردنی باری ژیان یا گۆڕینی کۆمەڵگە و سیستەمەکانی بەڕێوەبردنیدا بەشدارینەکات ، ئەوا ئەنارکیبوونی خۆی دەخاتە ژێر پرسیارەوە. چونکە تاکە مەیدانێك کە ئەنارکییەکان بە مەیدانی خەباتی خۆیانی بزانن ، لە ڕوانگەی ئەوانەوە خەباتی شۆڕشگێڕانە ، تەنیا خەباتی کۆمەڵایەتییە و هەموو گۆڕانێکیش لە گۆڕانی کۆمەڵایەتییەوە دەستپێدەکات. ئیدی ئەو خەباتە کۆمەڵایەتییە بۆ پاراستنی ژینگە بێت یا باشترکردنی باری گوزەران ، یا بۆ فراوانکردن و سەپاندنی ئازادییە تاکەکەسی و گشتییەکان بێت. بەپێچەوانەوە ، ئەنارکیستەکان هەموو هەوڵێك بۆ ڕامیاریکردنی بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان و ئاراستەکردنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی بەرەو ڕامیارییکردن و بەدەستهێنانی دەسەڵاتی ڕامیاریی ڕەتدەکەنەوە ، چونکە شۆڕش یا کۆمەڵایەتییە یا نییە و ئەوەی بە پاشگریی ڕامیارییەوە هەیە ، دژە-شۆڕشە. هەر بەو پێوەرە هەموو ڕێکخراوە و کۆڕ و کۆمەڵێکی پاشکۆ بۆ پارتەکان و دەسەڵات دژە-شۆڕشە. چونکە کاری ئەو ڕێکخراوانە بەڕامیارییکردنی خەبات و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانە. لەبەرئەوەی پارتەکان تەنها لە ڕامیاریکردنی خەبات و بزووتنەوەکاندا بەختی دەرکەوتنیان وەك دەستەبژێر و نوێنەرانی بزووتنەوەکە دەبینن ، بەپێچەوانەشەوە ئەنارکیستەکان تەنها لە خەباتی کۆمەڵایەتییدا بەختی کردەییکردنەوە (پراکتیزەکردن)ی بیرۆکەکانیان دەبێت و هێزی ئەنارکی گەشەدەکات و بڵاودەبێتەوە. هەر بۆیە لە جیاتی گەمەی پارلەمان و شەڕەدەندووکی نێوەندی و سەرکردایەتی پارتەکان ، سەرشەقامەکان و مانگرتنی کارگەر کۆڕ و کۆمەڵەکانی گەڕەك و خوێندنگە هەڵدەبژێرن. تاوێك تەماشای کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ، گەواهی ئەو ڕاستییەت بۆ دەدات ، کە لە وڵاتانی ئەورووپی و ئەمەریکییدا ئەنارکییەکان لە کوێی کۆڕ و کۆمەڵە جەماوەریی و کۆمەڵایەتییەکانەوە وەستاون.

پێت وانییە ئەگەر دەسەڵات لەدەست ژنان بێت ، کوشتوبڕ کەمتر دەبێت و دادپەروەری زیاتر ؟ باشتر نییە هاوڕێیانی ئەنارکۆ فیمینیست کە تۆ لایەنگری دەکەی خۆیان کاندیدبکەن یا ڕێکخراوە دروستبکەن و لە شوێنێکەوە ببنە هێز و بچنە دەسەڵاتەوە ؟

ئەوەی کە پێتوابێت دەسەڵات لە دەستی ژنان یا کرێکاراندا [وەك بەشێکی چەوساوەی کۆمەڵگە]دا بێت ، ئیدی دادپەروەری مسۆگەر دەکرێت ، جۆرێکە لە ژیان لە ئەفسانەدا و فێڵکردنە لە خودی ژنان و کرێکاران. چونکە دەسەڵاتخوزان لە هیچ سەردەمێکدا نەهاتوون بەناوی خۆیانەوە داخوازی بەدەستهێنانی دەسەڵات بکەن ، هەمیشە لەژێر ناوێکی دیکەی وەك نەتەوە ، کرێکاران یا ژنان هاتوون و کەنیان کردووەتە نێو ڕیزی خەباتکاران و بزووتنەوە جەماوەریی و کۆمەڵایەتییەکان.

بە گوێرەی ئەزموونەکان و بە بۆچوونی منیس ، ئەوە بیرۆکەی ژنانێکە ، کە خۆیان بە دەستەبژێری نێو ژنان دەزانن و پێیانوایە ، کە زۆرینەی ژنان توانانی

بیرکردنەوە و خۆڕزگارکردنی خۆیان نییە و پێویستیان بە شوانەیی ئەوان هەیە. هەروەها ئەو بۆچوونە بە پاگەندەیەکی ژاراوی پاساودەدەن ، گوایە « لە کۆمەڵگەدا پیاو دەسەڵاتدارە» و مادام وایە ، باشترە کۆمەڵێك ژن ئەو دەسەڵاتە بگرنەدەست. ئەمە لەسەر کێش و سەروای هەمان باڵۆرەی ناسیونالیستەکانە ، کە دەڵێن «ئەگەر دەوڵەتی خۆییمان هەبێت و خۆمان فەرمانڕەابین ، هەموو ئەندامانی نەتەوە ئازاددەبن ، یا باڵۆرەی مارکسیست-لێنینیستەکان ، کە دەڵێن «ئەگەر دەسەڵات لەدەستی ئێمەدا بێت و حکومەتی کرێکاریمان هەبێت ، هەموو کرێکاران و کۆمەڵگەش ئازاد دەبن» .

بۆ تێگەیشتن لە پووچی ئەو پاگەندەیە ، ئەوەندە بەسە ەو بارەوە وەك نموونە ، سەرنجی ڕووداوەکانی سەدەی ڕابوردوو و سەرەتای ئەم سەدەیە بدەین ، تاوەکو ببینین ، کە چۆن کرێکاران لە سایەی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی مارکسیست-لێنینیستەکاندا خراپتر لەژێر سایەی دەسەڵاتی دەسەڵاتی پارلەمانی بۆرجواکاندا دەچەوسانەوە و چۆن کوردان لە هەرێمی کوردستانی ئەم ڕۆژگارەدا وەك جارانی سەردەمی بەعس لە ڕووی ئابووریی و ڕامیاریی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت کولتوورییەوە دەچەوسێنەوە و وەك چۆن لە سەردەمی بەعسدا تاکەکانی هەرێم «شمال العزیز» لە ڕووی مافی بەکاربردنی زمانەوە لەچاو ناوچەکانی خوارووی پلە دوو بوون ، ئەم ڕۆژە لە سایەی دەسەڵاتی بۆرجوازی کورد«ناسیونالیستەکان واتەنی دەسەڵاتی خۆیی»دا ناوچەکان و زمانەکان و زاراوەکانی دیکەی کوردی بە پلەدوو دادەنرێن ، هەروەها لە سایەی سەروەریی شاژن ئەلیزابێت و سەرۆکشالیاران تاچەر و چیلەر و مێرکڵ'دا ژنان خراپتر چەوسانەوە و دەچەوسێنەوە.

وەها پاگەندەیەك دەیەوێت ، ئاوا نیشانبدات ، کە ژنان لە هیچ بوارێکی کارگێڕیی و فەرماندارێی و ڕامیاریی سەرمایەداریدا ڕۆڵیان نییە و هەموو شتێك بەدەست ساپیاوانەمرە ژنل. لە دە،موو ڕسیستەمەکە،.ڕە هەە، ڕکەس ڕبە،وگە؛ ڕندرینە بور، ئیدی سە،وە،و ! ئینگلیزواتەنی ئەمە "تەرسەقولە" ! چونکە ژنان لە هەوا،. یسستەوە یخێاندا یالێکی . لە بورو،دوی سو،کەتگو،انە ، هەو، ئاوا لە دایەنگەرە فێرگەکاندا تا دەگاتە زانکۆکان ، ژنانی پەروەردەکار و مامۆستا و وانەبێژ وەك هاوکارە پیاوەکانیان ئازاری منداڵان دەدەن و بە وانەکانی سەروەریی و پیرۆزکردنی مێژوویی کۆمەڵگەی چینایەتی و ڕەوایەتیدان بە سیستەمەکە و دەمارگیریی ئایینی و نەتەوەیی منداڵان و لاوان دەبەنگدەکەن ، ژنان لە فەرمانگەکاندا وەك هاوکارە پیاوەکانیان سووکایەتی و کارکردە دژە مرۆییەکانی سیستەمەکە بەسەر خەڵکیدا دەشکێننەوە ، ژنانی کرێکار وەك پیاوانی کرێکار ، سەرمایە بۆ سەرمایەداران کەڵەکەدەکەن ، لەتەك هاوکارەکانیاندا کێبڕکێدەکەن و پاشقول لەیەکدی دەگرن ، ژنانی بەڕێوەبەر ، پۆلیس و سەرباز وەك هاوکارەکانیان پارێزگاریی لە سیستەمەکە دەکەن ، ژنانی سەرمایەدار و ڕامیار و دەسەڵاتدار وەك پیاوانی هاوکاریان هەوڵی فریودانی خەڵك و چەوسانەوەیان دەدەن ، ژنانی پارلەمانتار وەك هاوکارە نێرینەکانیان ، دەنگ بە یاسا دژە مرۆییەکان دەدەن ، لەوانە یاسای چەند-ژنە بۆ پیاوانی دەوڵەتمەند !

دەکرێت پشکی ژنان لەو هەموو تاوانانەدا بەپێی کەمی هەژ ماری ژنان لەو بوارانەدا کەمتر بێت ، بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە ، کە ژنان لەو سیستەمەدا دەستییان نییە و تاوانبارنین یا دژی سیستەمەکەن! ئەگەر بەهیچ شێوەیەك لە بوارەکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و ڕاگرتنی سیستەمە چینایەتییەکەدا بەشدارنەبوونایە و ژنان وەك سروشت و تایبەتیمەندیی خۆیان لە مرۆڤبوونی پیاوان جیابوونانە و خودبەخود دژی ئەو هەمووە تاوانانە بوونایە ، یا بەلایەنی کەمەوە ئەوانەی کە ئەو پاگەندەیە دەکەن ، دژی هەموو پێکهاتەیەکی چینایەتی و دژی هەموو جۆرە چەوسانەوەیەك و هەموو سیستەمێکی چەوسێنەر و هەموو ئامراز و ئایدیۆلۆجیاکانی چەوسانەوەی مرۆڤ بوونایە ، ئەوسا دەمانتوانی بڵێین ، ئەگەری دروستبوون و دروستدەرچوونی وەها پاگەندەیەکی نالۆجیکی هەیە. بەڵام بەداخەوە کەتواری کۆمەڵگە و ڕووداوەکان و سروشت و پێکهاتەی ستەمگەریی لە کۆمەڵگەدا پێچەوانەوەی ئەو پاگەندەیە دەسەلمێنن. من لێرەدا تەنیا یەك نموونە دەهێنمەوە: ئەوەندەی ژنان بەخۆیان لە خەتەنەی کچاندا ، لە دوورینەوەی کۆئەندامی زاوزێی بێوەرژناندا ، لە کێبرکێ و شووکردن بەسەر یەکدیدا ڕۆڵیان هەیە ، پیاوان ناتوانن ئەو کارایی و ڕۆڵەیان هەبێت !

پاشان ، ئەو ڕێکخراوانەی کە تا ئێستا پاگەندەی ڕزگاری و ئازادی و یەکسانی ژنانیان کردووە ، بەکردەوە پێچەوانەی ئەوەیان سەلماندووە ؛ بەوەی کە خۆیان خەریکی قوتکردنەوە و ڕێکخستنەوەی ژنانی نارازین لە پێکهاتە قووچکەییە ستەمکارەکاندا ، واتە سەپاندنەوەی ڕێکخستن و پێکهاتەیەکی دیکەی قووچکەیی فەرماندەر و فەرماندەر ، پێشرەو و پاشڕەو ، کە لە پێکهاتە قووچکەییە کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و ڕامیارییەکانیشدا هەمان بوون هەیە ؛ خێزان ، فێرگە ، مزگەوت ، کارگە ، فەرمانگە و کارگێڕیی و پارلەمان و فەرمانداریی و دەوڵەت. بەواتایەکی دیکە پەسەندنانەوەی هەمان پێکهاتەی زۆردارانە و پڕ ستەمکاریی ، بەڵام ئەم جارە بەناوی خودی ژنان و ڕزگاری و یەکسانییەوە.

لەبەرئەوە بە بۆچوونی من [لێرەدا مەرجنییە ئەمە بۆچوونی هەموو ئەنارکییەك بێت] ، ئەگەر بڕیاربێت گروپ و ڕێکخراوێك بەناوی ژنانەوە هەبێت ، ئەوا دەبێت ڕێکخستنێکی ئاسۆیی هەبێت و ئامانجی خۆکۆمەکییکردنی ژنان بێت. بەڵام ئەوەی کە ستەم لە ژنان و پلەچەندیی و ژێردەستەیی ڕەگەزیی لەنێوببرێت ، لەبەرئەوەی کە ستەمەکە پێگەی کولتووریی و ئابووریی و ڕامیاریی هەیە و پرسێکی کۆمەڵایەتییە ، کەواتە ژنان تەنیا لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نا نێوەندیی و نا قووچکەییەکاندا دەتوانن هەنگاو بۆ وەلانانی بنێن و هەروەها بەبێ ڕاکێشانی ڕەگەزە کۆمەڵایەتییەکەی دیکە ، کە لە هەموو بوارێکی ژیان و کاروباری کۆمەڵگەدا پێکەوە کاردەکەن و دەژین و ئەویندارێی دەکەن ، ئەستەمە ئەو باڵدارەی ئازادی بتوانێت بەتەنیا یەك باڵ بفڕێت. بە واتایەکی دیکە لەبەرئەوەی کە پرسی ژنان ، پرسێکی کۆمەڵایەتییە و بنەمای ئابووریی و کولتووریی و ڕامیاریی هەیە و بە پێکهاتەی سیستەم و بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگەوە پەیوەستە ، هەم ڕزگاری ژنان بە ڕزگاری کۆمەڵگە و خودی پیاوانیشەوە پەیوەستە و هەم ئەرکی سەر شانی پیاوانی ئازادیخواز و ڕزگاریخواز و سۆشیالیستخوازە ، کە پەیگرانە هاوپشتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان بکەن. چونکە ئەستەمە چین و توێژە بندەستەکان بەبێ ڕزگاریی ژنان وەك بەشێك لەوان ، ڕزگاریان ببێت ، لەبەرئەوە ئەگەر پیاوانێك هەن و خوازیاریی ڕزگاربوونیان لە کۆتوبەندە ئابووریی و ڕامیاریی و کولتوورییەکان ، ئەوا هەم وەك ئەرکی مرۆیانەیان و هەم بە ناچاری پێویستە لەپێناو ڕزگاریی ژنان لە پلەچەندی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و هەڵاواردن و ستەمی ڕەگەزیی ، شان بە شانی ژنانی ئازادیخواز تێبکۆشن ، وەك گوتم تەنیا لەبەر ڕزگاربوونی ژنان نا ، بەڵکو لەبەر ڕزگاربوونی خودی پیاوانیش!

شتێکی دیکە کە نابێت لەبیری بکەین ، ئەوەیە ، ئەگەر جاران پێش پێکهاتنی دەوڵەتی سەرتاپاگیری هاوچەرخ [نەتەوەیی] ، ستەم لە ژنان زیاتر بارێکی کولتووریی بەخۆوەگرتبێت و ئایین ڕێکخەر و دیاریکەری ڕۆڵ و پێگەی پلەدووی ژنان لە کۆمەڵگەدا بووبێت ، ئەوا لەم ڕۆژگارەدا پارلەمان و فەرمانداریی و و یاسا و دەوڵەت و دەزگە ڕامیارییەکان دیاریگەری ئەو ڕێوشوێنەن ، بە نموونە بڕیاری چەند-ژنە لەلایەن پارلەمانی هەرێمەوە ، گەشتی

ژنان بە هامڕایی نێرینەیەکی خێزانەکەی و ..ند. بەم جۆرە ئەمە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە ، کە ستەم لە ژنان لەم ڕۆژگارەدا ڕیشە و بنەمای ڕامیاریی و ئابووریی و سیستماتیکی هەیە و ئەوی دژی هەڵاواردن بەگشتی [ڕەگەزیی ، زمانی ، نەژادی ، ئایینی ، هەڵاوردن لەسەر بنەمای ڕەنگ و شوێنی لەدایکبوون] و لەم پەیوەندەدا بە دیاریکراویی هەڵاواردنی ڕەگەزیی [ژنان و پیاوان] بێت ، خۆبەخۆ ناچاردەبێت ، کە دژی هەموو پێکهاتە و دەزگە قووچکەییەکان ، پلە و پایە سەر و خوارەکان ، نایەکسانی ئابووریی و نایەکسانی دەسەڵات و نایەکسانی ئەرك و ماف و  دژی سیستەمی ڕامیاریی بە پارلەمانی و ناپارلەمانییەوە ، تێبکۆشێت و هەوڵی کۆمەڵایەتییکردنەوەی چارەسەری پرسەکان و ناتەباییەکان بدات ، ئەگەر نا ، ئەوا خۆبەخۆ سەری لە دروستکردن و قوتکردنەوەی دەیان ڕێکخراوی قووچکەیی دەستەبژێرانە و ڕامیاریی بەناوی ژنان و منداڵان و ژینگە و ئاژەڵ و چین و توێژەکانەوە دەردەچێت و دواجار هەرچەندە ئامانجیشی خزمەتکاریی سەروەریی چینایەتی نەبێت ، هەر ئاو بە ئاشی سەروەریی دەوڵەتدا دەکاتەوە .

## جیاوازی ئەنارکۆ-فێمینیزم و فێمینیزمەکانی دیکە چییە ؟

ئەگەر بە چەند دەستەواژە کورتی بکەمەوە ، ئەوا بە خوێندنەوەی من بۆ ئەنارکۆفێمینیزم وەك تێڕوانینی ئەنارکیستی لەمەڕ نەهێشتنی ستەم و هەڵاواردن بەرامبەر ژنان ، ئەنارکۆ-فێمینیستەکان ئامانجیان زیندووکردنەوەی گیانی خۆڕزگاری و خۆکارابوونە لەنێو بزاڤی ژناندا دژ بە کۆیلەتی پلە-چەندیی ژنان لە پاش کۆیلەتی پیاوانەوە. بەواتایەکی دیکە ئەنارکۆ-فێمینیستەکان بەپێچەوانەی ئاراستە فێمینیستییەکانی دیکە ، کار بۆ دەستەمۆکردنی ژنانی ئازادیخواز لەژێر ڕابەرایەتی خۆیان ناکەن ؛ هەم ڕابەرایەتی خۆیان بەسەر ئەوانی دیکەدا ڕەتدەکەنەوە و هەم ڕابەرایەتی ئەوانی دیکە بەسەر خۆیاندا ڕەتدەکەنەوە ، بە واتایەکی دیکە ڕابەرایەتی و ڕێکخستنی قوچکەیی (هیرارشی) بە پارێزەری کۆیلەمانەوەی ژنان و چەوساوان بەگشتی دەزانن.

ئەنارکۆ- فێمینیستەکان پێیانوایە و بەبۆچوونی منیش بۆئەوەی ژنان ئازادی بستێنن و خۆیان لە داوەکانی بابسالاری و سیستەمی هەڵاوارێزی مرۆڤەکان بەگشتی ڕاپسێنن ، سەرەتا پێویستە لەنێو ڕیزەکانی خۆیاندا ئەو پێکهاتە و پلەبەندییە باوانە ڕەتبکەنەوە و لەنێوبەرن. ڕزگاری ژنان لە پلە-چەندی کۆمەڵایەتی و یاسایی تەنیا بە ڕیفۆرمی چەند خاڵێك لە یاسای سەروەراندا نایێتە دی ، بەڵکو پێویستی بە لێدان و لەنێوبردنی پایە ئابووریی و ڕامیاریی و کولتووریی و یاساییەکانی هەڵاواردن و هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتە پارێزەرەکانی ئەو بنەمایانە هەیە ، کە هەموو پێکهاتەیەکی قووچکەیی دەگرێتەوە.

بەڕێزم ، لەو باوەڕەدا نیم ، لەسەر ئەوە ناکۆك بین ، کە ئازادی نادرێت ، بەڵکو دەسێنرێت. دەی کەواتە کەسێك خۆی ویستی (ئیرادەی) ئازادبوونی تێدا نەبێت ، کەس ناتوانێت ببێتە ڕزگارگەری لە ڕێوشوێنی نالەباری کۆمەڵایەتیی. ئەمەش پێویستی بە هوشیاری خۆکارابوون و خۆڕادەربڕین هەیە و ئەو ڕێکخراو و کۆمەڵانەی کە هاوشێوەی خودی دەوڵەت و پارت و خێزان ، ڕێکخراون و پێکهاتوون ، ناتوانن چوارچێوەیەکی گونجاو بن بۆ خۆڕزگاری و خۆکارابوون. چونکە لەوێشدا کۆمەڵێك فەرماندەر و پلە-یەکن و کۆمەڵێکیش فەرمانبەر و پلە-دوو. هەر بەو جۆرە ژنانی پلە-یەك ( ڕابەران و سکرتێران و لێپرسراوان و سەرکردان ) و ژنانی پلە-دوو ( گوێڕایەڵان و فەرمانبەران و ژێرکردان ) لەو ڕێکخراوانەدا بەرهەم دەهێنرێنەوە. بەم جۆرە ڕێسەکەمان دەبێەوە خوری و ژنانێك کە لە تاو ستەم و بێدەرەتانی هاتوونەتەدەر و دەیانەوێت ڕزگاریانبێت ، ئەم جارە لەلایەن هاوڕەگەزەکانی خۆیانەوە ، بە تۆڕێکی وردتر و زیرەکانەتر لەوەی باوك و مزگەوت و پارت و دەوڵەت و یاساکانیان ، ژنانی نارازی ڕاودەکرێتەوە و لە چوارچێوەی یاسای سەروەر و ژێروەر ، فەرماندە و فەرمانبەر ، پێشڕەو و پاشڕەودا کۆتوبەند دەکرێنەوە. ئیدی بەو جۆرە ڕزگاربوونیان لەو جاڵجاڵۆکە ئایدیۆلۆجییەی هەڵاواردن و پلە- پلەکردن ئەستەمتر دەبێت ، لەبەرئەوەی کە دڵخواستانەی خۆیان و لە ناهوشیارییەوە خۆیان ئەو بڕیارەیان داوە و هەر کاتێکیش سەرپێچی و هەڵگەرانەوە لە کۆیلەتی نێو ئەو ڕێکخراوانە ببێتە خەیاڵی سەری ژنێکی ئازادە ، ئەوا تۆمەتە مۆراڵییەکان و یاسا و سزا کۆمەڵایەتی و ئابووریی و ڕامیارییەکان ئامادەن و دەرگەی زیندانەکان بۆ تاوانبارکردنیان بە تۆمەتی هەڵبەستراو ، ئاوەڵا دەکرێت.

بەبۆچوونی من، ڕزگاری ؛ هەنگاوی یەکەم لە ناخی خۆمانەوە دەستپێدەکات، لەوێوە کە دیوار و کۆت و زنجیرە کولتووریی دەستکردەکانی خێزان ، مزگەوت و کۆمەڵگە و دەوڵەت و هاوشێوەکانیان لە ئاوەزماندا بڕوخێنین و بپسێنین و لە کۆڵیانبکەینەوە ، تاوەکو بتوانین لە تێکۆشانێکی کۆمەڵایەتییدا لەتەك هاوچین و هاوتوێژ و هاودەردەکانمدا یەکبگرینەوە. ئەمە بۆ هەر مرۆڤێکی چەوساوە و بندەست، لە خوازیاری ئازادبوونە، دروستە. پاشان "نا"کوتن بە هەر فەرمان و یاسایەك، لە دەسەڵاتی [ئۆتوریتەی] کەسانی دیکە بەسەرماندا دەسەپێنێت و ملکەچی زاڵبوون و پاوانگەریی [دۆمینەیتگەریی] ئەوانی دیکەی هاوجۆر یا ناجۆرمان دەکات ، خۆبڕیاردانی گەرەکە. ئێمەی چەوساوە یا ژنان ناتوانین خواست و خەونەکانیان بە کەسانی دیکە بسپێرین و بیانکەینە دەمڕاستی خۆمان ، چونکە لە نێوان فەرماندانی نێرینەکانی خێزان و فەرماندانی دەسەڵاتدارانی کۆمەڵگە و یاساکانی دەوڵەت و پەیڕەوپرۆگرامی پارتەکاندا جیاوازی نییە و ئەوەی کێ دیاریبکات ، کە چی بکەین و چی نەکەین، یا ئەوەی کەسانێك دیکە بەناوی ئێمەوە ببنە سکرتێر و ڕابەری ڕێکخراوە و کۆمەڵەکانمان و فەرمانمان پێبدەن چۆن خەبات بکەین و لە کوێ خەبات بکەین و چۆن هەڵوێست وەربگرین ، هیچ جیاوازی نییە و نابینرێت !

ئەگەر ژنانی ئازادیخواز خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی هەڵاواردنن لەنێوان خۆیان وەك ڕەگەزی مێینە و باوك و براکانیان و نێرینەکانی کۆمەڵگەدا، ئەوا هەنگاوی یەکەم پێویستە لەنێو خودی بزاڤەکەدا دژی هەر هەڵاواردن و پلەوێرییەك بن کە پێکهاتەی قووچکەیی ڕێکخستن دەیسەپێنێت. بزاڤێك یا ڕێکخراوێك کە هەڵگری تۆوی پلە-یەکی و پلە-دووی خودی ژنان بەنێوی ڕابەران و ڕێبەریکراوانەوە بێت ، ناتوانێت هەڵگری پەیامی یەکسانی و دژبوون بە هەڵاواردن بێت و سەرەنجام بەجۆرێکی دیکە ژنان دەستەمۆی پێکهاتە قوچکەییە پڕ هەڵاوێرییەکان دەکاتەوە. لەبەرئەوە ژنانی ئازادیخواز (ئەنارکۆ-فێمنیست) خۆبەخۆ دژی پلەبەندی نێو بزاڤەکە و ڕێکخراوەکان دەبن و شوانەیی هیچ ژن و پیاوێك بە ڕەوا و دروست نازانن و بەوپەڕی توانایانەوە وەك هەر پێکهاتەیەکی دیکەی بابسالاری و سیستەمی نایەکسانی مرۆڤەکان، دژایەتییان دەکەن و لەنێوبردنیان بە ئەرکی دەستبەجێی خۆیان دەزانن.

ژنانی ئازادیخواز پێویستییان بە فۆرومی کۆمەڵایەیی لەسەر ئاستی گەڕەك و شوێنی کار، نیتوۆرکی ژنان، کە پشت بە ڕێکخستن و پەیوەندی زنجیرەیی و لابەلایی ئاسۆیی (نەك سەرەوخواری) هەیە. بۆ نموونە: ژنانی کۆڵانێك ، گوندێك ، گەڕەکێك دەتوانن فۆرومێکی کراوەیان هەبێت و لەسەر پرسەکانیان

وتووێژبکەن ، بۆ نموونە ئاوکێشان لە کارێکی تاقەپڕوکێنی کۆمەڵگەکەمانە، بەسەر پیاوانیشدا بسەپێنن و بەو جۆرە پیاوان ڕاستەوخۆ لەتەک گرفتێکی کۆمەڵایەتی و هەر ڕۆژەی کۆمەڵکە ڕووبەوودەبن و ناچار شان بەشانی ژنان دەچنە جەنگی ئاودزانی کۆمەڵگەوە، دەچنە پای خەبات بۆ دابینکردنی ئاوی پێویست بۆ هەمووان. ئەم نموونەیە بۆ زۆر بوار و گۆشەی خەباتی ڕۆژانە کردەییە و دەکرێت سوودی لێ وەربگیردرێت. ئەمە شێوازی خەباتی ژنانی (کرلا)ی هیندوستانە دژی کارخانەکانی کۆکاکۆلا و خواردنەوە گازییەکانی دیکە، کە بوونەتە هۆی کەمکردنەوەی ئاوی خواردەنەوە لە ناوچەکانیاندا.

وەک ئامارەکان نیشانیدەدەن ، ژنان لەسەر کار نیوە یا کەمتر لە مووچەی پیاوان وەردەگرن و تەنانەت لە ئەمەریکا و وڵاتە ئەوروپییەکانی وەک ئاڵمانیا و بریتانیا'ش هەر وایە ، ژنان لە بەرامبەر کارێکی هاوشێوەدا بەڕێژەی ٢٥% مووچە و کرێی کەمتر لە پیاوان وەر دەگرن. دەکرێت لەم بارەدا کەمکاری بەو ڕێژەیەی کەمی مووچەکەیان بەراورد بە هاوکارە پیاوەکانیان، کاری لەمتر بکەن و کارە کەڵەکەبووەکان بخەنە سەرشانی هاوکارە پیاوەکانیان [-کە بۆ تەنیا جارێکیش بەبیریاندا نەهاتووە و بیریان لێ نەکردووەتەوە ؛ بۆچی ژنانی هاوکاریان بەرامبەر هەمانکار، مووچەی کەمتر وەردەگرن]- و بەجۆرە ناچرییەک دەتوانن بیانکێشنە پای خەبات بۆ مووچە و کرێی یەکسان. ژنانێک کە کاری دەرەوەی ماڵ دەکەن و هاوکاتیش کاری نێوماڵ و سەرپەرشتی منداڵیان لەئەستۆیە، هەر بە هاریکاری و هاوڕیزی ژنانی لەڕەک و کۆڵان و تەنانەت سەرکاریش ، دەتوانن لە چوارچێوەی سەکۆکەیاندا [فۆرومەکەیاندا] بڕیاری سەپاندنی بەشێک لە کاری نێوماڵ و سەرپەرشتی منداڵان بەسەر پیاوەکانیاندا بدەن و بەو جۆرە پیاوانیان بەشدار و ناچار بە بیرکردنەوە بۆ ڕزگاربوون و کۆمەڵایەتیکردنەوەی کاری نێوماڵ و سەرپەرشتیکردنی منداڵ ، بکەن. ئەمەش داخوازی دایەنگە و باخچەی منداڵان و چێشتخانەی گشتی دێنێتە ئاراوە، کە دەتوانن پایەی کۆمەڵگەیەکی نوێ بن ، کە تێیدا کاری نێوماڵ و بەخێوکردنی منداڵ کار و ئەرکی کۆمەڵگەیە.

بەبۆچوونی من، لەبەر ڕۆشنایی ئایدیای ژنانی ئەنارکۆ-فیمینیستدا جیاوازییەکان گەلێک زۆرن. لەپاڵ ئەمانەشدا پێویستە ئەوەمان لەبیرنەچێت ، هەر ئاوا ڕزگاری ژنان، کرێکاران ، جوتیاران و خوێندکاران و ... تد تەنیا لە توانای خودی ژنان، خودی کرێکاران ، خودی جوتیاران ، خودی خوێنداکارن و ... و .. تددایە، هەر ئاواش گۆڕینی بەندێکی یاسایی وەک چەند-ژنە یا نەهێشتنی نەریتێکی کۆمەڵایەتیی وەک خەتەنە و پاشەکشێ بە ڕێسایەکی ئایینی وەک شەلاقدان و زیندەبەچاڵکردنی ژنان ، بە واژۆکۆکردنەوە و نامەگۆڕینەوە لەتەک سەروەران و چوونە پارلەمانی سەدان ژن. ناتوانێت ئاڵوگۆڕ لە ژیانی لەتواریماندا بکات و لە ڕزگاربوون لە دەست ئەو یاسا و نەریتانە نزیکمانبکاتەوە. بەڵکو هەر گۆڕنێک ، پێویستی بە هەڵخڕان و بەرجەستەبوونی بزاڤی کۆمەڵایەتیی هەیە ، پێوستی بە ئامادەیی تاک هەیە ، پێویستی بە هۆشیاری خۆکاریی و خۆبڕیاردان و خۆهەنگاونان و خۆجێبەجێکردن و خۆپیادەکردن هەیە، ئەمەش پێویستی بە ڕێکخراوە جەماوەرییە سەربەخۆکان هەیە وەک فێرگە و پەروەردەی ژنانی ئازادەی کۆمەڵگەی نوێ. لێرەدا ڕێکخراوەکان بێجگە لە چوارچێوەیەک یا چەترێک بۆ کۆوەبوون و هوشیاریی و یەکگرتن و زیندووکردنەوەی ویستی ئازادیخوازیی و یەکسانیخوازیی ، فێرگەیەکیش دەبن بۆ و پەروەردەی مرۆڤی کۆمەڵگەی نوێ ، هەر لەبەرئەوە گروپە خۆجێیی [فۆرومەکانی گەڕەک و تۆڕە سەرتاسەرییەکان] و جەماوەرییەکانی ژنان پێویستییان بە ڕابەر و سەرکردە و ژنانی پلەیەک نییە ، پێویستییان بە ڕێنوێنی پیاوانی سەرکردایەتی پارتەکان و چەپڵەڕێزان و چەنەبازیی هۆڵەکانی پەرلەمان نییە ، بەڵکو تەنیا پێویستیان بە خۆهوشیاریی و خۆکاریی و خۆکۆمەکیی و خۆویستەکی ئەندامانیان هەیە.

من، ستەم و هەڵاواردن بەرامبەر ژنان تەنیا لەلایەن پیاوانەوە نابینم ، بەڵکو زۆرجار لەلایەن خودی ژنانەوە ئەم ستەم و هەڵاواردنە پەرە پێدەدرێت. بۆ نموونە کەم نین ئەو ژنانەی کە خۆیان بەزۆر بەشوو دراون و کەچی هەمان پشتیوانی لە هەمان ستەم دەکەنەوە و کچ و نەوەکانیان دەخەنە ژێر فشار و ناچارکردن. کەم نین ئەو ژنانەی کە خۆیان خەتەنە کراون و بوونەتە قوربانی ئەو تاوانە و کەچی بەدەستی خۆیان کچەکانیان دەبەنە بەردەم گوێزانی ژەنگینی ژنانێکی دڕندە و خەتەنەگەر. کەم نین ئەو ژنانەی کە لە ژیانی ژن و مێردایەتییاندا باجی برە ئاڵتون و مارەیی و عەودالبوونی پیاوی دەوڵەمەندنییان داوە، کەچی کچەکانیان لەسەر هەمان شێوازی بیرکردنەوە پەروەردەدەکەنەوە و دەیانخەنەوە ژێر چەکمەی سووکایەتی پیاوە دارلکان. کەم نین ئەو ژنانەی ژنیان بەسەردا هاتووە و کەچی کچەکانیان ناچار بە دانیشتن لای پیاوانێکی فرەژەندار [حەرەمسەرادار] دەکەن. کەم نین ئەو ژنانەی کە لە ژیانی خۆیاندا هاوەڵێکی خۆشەویستی خۆیان لەسەر ئەویندارێ کوژرابێت ، کەچی بەخۆیان وتی وتی لەسەر کچە دراوسێ و خزمانی خۆیان دەکەن. کەم نین ئەو ژنانەی کە لەلایەن خەسوویانەوە سووکایەتی و ستەمیان لێکراوە، کەچی بەخۆیان هەمان کار و ڕەفتار بەرامبەر بووکەکانیان دەکەنەوە، بەم جۆرە دەبین ستەم لە ژنان دیاردەیەکی ئاڵۆزی فرەڕەهەندی کۆمەڵگەکەمانە، نەک تەنیا داهێنراوی یاسایەکی نووسراوە یا زۆرداری پیاوانێک. کاتێک ئەو بۆچوونە لاوازانە دەخوێنمەوە ، کە ستەم لە ژنان بۆ ئایینی ئیسلام بەتەنیا دەگێرنەوە. بەڕاستی ئەو ژن و پیاوانە جێگەی بەزەیین ، لە خوێندنەوەی ئاوا سەرپێیی بۆ دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن. ستەم لە ژنان ڕەهەندی مێژووی هەیە و ئەو ڕەهەندە زۆر لە ئیسلام و ئاینەکانی دیکەیش کۆنترە. بەم جۆرە نەبینی ئەم دراوە کەتوارییانە ، نەبینینی زەمینە کولتووریی و ئابووریی و ڕامیارییەکانی ستەم لەلایەن ڕێکخراوە قووچکەییە ڕامیارییە پاشکۆکانی دسەڵات و پارتەکانەوە ، خاڵێکی دیکەی جیاوازی چۆنیەتی تێڕوانین و دەرککردنی ستەم و هەڵاواردنی ژنانە ، لەلایەن فێمینیستە دەسەڵاتخوازەکانەوە و لەلایەن فێمینیستە دژە-سەروەرەکانەوە [ئەنارکۆفێمینیستەکان]. ئەنارکۆ فێمینیستەکان بە قوڵی لە هەموو پێکهاتە و دەزگەیەکی کۆمەڵگە و بەڕێوەبەرایەتییەکەیدا لە دووی ڕەگ و ڕیشە ئابووریی و کولتووریی و ڕامیارییەکانی ستەم و هەڵاواردن ، دەگەڕێن و ڕادیکاڵانە هەموو ئامراز و میکانیزم و پێکهاتیەک ، کە ئافەرێنەر و پارێزەری ستەم و هەڵاواردن بێت ، ڕەتدەکەنەوە و لە خەباتی ڕۆژانەی جەماوەریی و کۆمەڵایەتییدا هەنگاو بە هەنگاو بۆ سڕینەوەی لە هۆش و لە کردەوە و لە ئاخاوتنی تاکەکان و لە نێوەندە کۆمەڵایەتییەکاندا ، بەبێ وچان تێدەکۆشن.

من ناڵێم باوەڕەکانی ئیسلام دەستییان لەو ستەم و تاوانانەدا نییە، نا و نەخێر ، هەرگیز بەتەمانیم شتێکی ئاوا بڵێم. بەڵام گونجان و تەبایی و ڕێککەوتێک لەنێوان باوەڕەکانی ئیسلام لەمەڕ ڕۆڵ و ڕێوشوێنی ژن و پێکهاتە و تێڕوانینی خێڵەکییانەی کۆمەڵگەی کوردستاندا هەیە. ئەگینا بە کوتوپڕیی لە چاوتروکانێکدا تیرۆری ژنان و ئەتککردنیان نەیدەتوانی بەو ڕەهەندە ڕیشەیی و ترسناکەوە لە دەهەی یەکەمی هەزارەی سێیەمدا ئامادەبێت. کەسانێک لە بەختی هوشیاربوونەوەی ڕادیکاڵی ئازادیخوازانەیان هەبووە یا ڕووداوەکانی ڕۆژگار بەو هوشیارییەی گەیاندوون، ئەوە دەزانن کە باوەڕەکانی ئیسلام پاشبنەمایەکی خێڵەکیانەی نیوەدوورگەی عەرەبییان هەیە و کۆمەڵگەی کوردستانیش بنەمایەکی خێڵەکیانەی هەیە و یەکانگیربوونی ئەم دووانەیە ، کە زەمینەی بەردبارانکردن و لوتبڕین و سوتاندن لەباردەکەن و پێکدەهێنن. بۆ تێگەیشتن و دەرکردنی ئەم پێگەیشتنە ، خوێنەری ئازیز دەتوانێت سەرنجی جیاوازی هەژماری کوشتنی ژنان و باری یاساخی ئەوینداریی بدەن ؛ لەو ناوچانەی کە بە قۆناخی خێڵەکیبووندا تێپەڕیوون و تاکایەتی هێشتا تیایاندا بەرجەستەنەبووە و ڕێساخێڵەکییەکان تیایاندا سەروەرن ، لەتەک بەو ناوچانەی کە زوو نیشتەجێبوون و شیرازە و

بنەمای خێڵەکیی پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکانی پێکناهێنێت و پێکەوەی نەبەستوون، بەراوردبکەن. مەگەر ئیسلام هەر ئەو ئیسلامە نییە، کە لە هەردوولایاندا ئامادەیە، بۆچی لە شوێنێك زۆرتر ژن دەکوژێت و لە شوێنێك یا هیچ یا کەمتر دەکوژێت. هەروەها ئەگەر سەرنجی ئایینەکانی دیکەی کۆمەڵگەمان بدەین و گوتراوەکانیان بخوێنینەوە، ئەگەر زۆرتر لە ئیسلام ژن بەکەم نەگرن، ئەوا سووکایەتییکردنیان بە مێینە کەمتر نییە. لەبەرئەوە ئایینی ئیسلام تەنیا وەك ئامرازێکی گونجاو لەلایەن کۆمەڵگەی خێڵەکیی کوردستان و کولتووری دژە-ژنییەوە کەڵکی لێوەرگیراوە، نەك ئەوەی کە لە خودی کۆمەڵگەکەدا تێڕوانینی هەڵاوێرانە و ستەمگەرانە و بکوژانە دژی ژنان نەبوبێت و ئایینی ئیسلام لەتەك خۆی هێنابێتی، وەك چەپ و ناسیونالیستەکان پاگەندەی دەکەن.

هەروەها ئەگەر سەرنجی بڕیاردانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لەسەر یاسای چەند-ژنە بدەین، دەبینین هیچ بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی [بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی نەك بەبانامە و سەرمایەگوزاریی ڕامیاریی پارتەکان] کاردانەوەی نیشاننەدا و نەبووە هۆی نارەزایەتی و مانگرتن و دەستلەکارکێشانەوە. ئەگەر بە پروپاگەندەی بێبنەمای ژنانی سەرەوەی ڕێکخراوە بابساڵار و پارتساڵارەکانی بەناو ژنان و چەپەکان بووایە، دەبوو ژنان لە هەموو ناوچەکانی کوردستانەوە، لە هەموو شار و گوندەکانەوە بە خۆپیشاندان و مانگرتن و ڕێپێوانی چەند ڕۆژە بەرەو پارلەمان و دەزگە باڵاکانی میری بڕۆن و داگیریانبکەن و داروپەردوویان بە یاسا چەندژنەکەیانەوە بسووتێنن، هەر ئاوا کە دەهەیەك لەمەوبەر لە وڵاتێکی ئەفەریکاییدا ژنانی یاخی نێوەندەکانی دەسەڵاتیان داگیرکردن. [ باش لەبیرم نەماوە لە سەرەتای هەزارەی سێیەمدا لە چ وڵاتێکی ئەفریکی بوو، کە ژنان ڕابوون و زۆر شوێنی گشتی و دەوڵەتییان داگیرکرد و بەچەك و بە هێزی یەکگرتووی خۆیان داخوازییەکانیان سەپاندن]. بەڵام لە کوردستان هیچ یەك لەمانە ڕوویاننەدا و تەنانەت وەك بڵێی کە هیچ شتێکی پەیوەست بە ژنانەوە لە کۆمەڵگەدا ڕووینەدابێت. ئەمە نیشانەی بێبروایی خودی ژنانە بە هێزی خۆیان، ئەمە نیشانەی وردوخاشبوونی کەسایەتی و دەستەمۆبوونی هەزاران ساڵەی ژنانە بۆ ڕێسای هێزە کولتوورییەکان و یاسا ڕامیارییەکان. ئەمە نیشانەی ئامادەنەبوونی خۆهوشیاری و ویستی ئازادڕەوانەی ژنانی کۆمەڵگەکەمانە، ئەمە بەرهەمی پشتبەستنی ژنانە بە ڕێکخراوە بەناو ژنییەکان و پارتە ڕامیارییەکان و بزاڤە ڕیفۆرمیستەکان. ئەمە نیشانەی ڕامبوون و دەستەمۆبوونی ژنانی ڕزگاریخواز و یەکسانیخوازە بۆ ژنانی دەستەبژێر و پێکهاتە سەروو ژنییەکان.

بەبۆچوونی من، ئەگەر هەر یەکە لە ئێمە، چەند مانگێك لەسەر ئەو ڕووداوە بووەستێت و بنووسێت و لێکبداتەوە و توێژینەوەی لەسەر بکات، هێشتا بە ئەنجامی کۆتایی و هەمەلایەنە ناگەین. لە کۆمەڵگەیەکدا کە پارتە ڕامیارییەکان بۆ خۆقەبەکردن و سەرمایەگوزاریی ڕامیاریی پاگەندەی سکیولاریستبوونی کوردستانەکەیان بکەن و ڕۆژانە ئەم دەستەواژە پڕ سووکایەتی و پووچانە "ئێرە ئەفغانستان نییە، ئێرە ئەفریقا نییە، ئێرە بیابان نییە، ئێرە وڵاتانی عەرەبی نییە" هەزارباره بکەنەوە و ڕێکخراوە ژنییەکان لە بڕیاری سمێڵزلەکانی نێوەندی پارتەکانیان بە ژنان دەفەیێن و تەنانەت هەندێکیان دەلاڵی بۆ هاوپارتییەکانیان دەکەن و "٨ی مارس" ڕۆژی نارەزایەتی و هاوپشتی جیهانی دژی هەڵاواردنی ژنان کرابێتە بۆنەی ئاهەنگێڕان و مەیئۆشی ڕامیاران، ئیدی شایانی سەرسووڕمان و گومانکردن نییە، کە بۆچی ژنان ئاوا بێدەنگن و تەنانەت ژنان لە کارگەیەك، فێرگەیەك، گەڕەکێك، شارێك، زانکۆیەك، بۆ چەند چرکەیەك یاسای چەند-ژنە نەبووە مەشخەڵە و گرفتیان و بۆ بەرپێگرتنی و ڕەتکردنەوەی وەخۆنەکەوتن !

گۆڕانی کۆمەڵگە لە بارێکی ئاوا، گۆڕانی ڕیشەیی دەخوازێت، کە تەنیا لە خوارەوەڕا توانا ی بەختی ڕوودانی هەیە، ڕێك بەپێچەوانەی خەونی فێمینیستە بۆرجوازییەکانەوە، کە خەریکی نامەگۆڕینەوەن لەتەك دەسەڵاتداران و کردنەوەی نووسینگە و نێوەندی بەناو ژنان لەنێو دەسەڵات و بە پارە و کۆمەکی ئەو پیاوانەی، کە خۆیان چەند ژنیان لە ماڵەوە وەك کۆیلە ڕاگرتووە و خۆیان دەستەکانی تیرۆری ژنیانیان پێکهیناوە و خۆیان یاساکان دەردەکەن و واژۆیاندەکەن. ئایا ئەمە بەڵگە نییە بۆ هاوبەشبوونی فیمینیزمی بۆرجوازی، کە بەشداری لە چەوسانەوەی ژناندا دەکات و بە یاساکان و دەسەڵات و دیمۆکراتییەتەکەیان خۆشباوەڕییان دەکات و لەنێوەندیاندا ڕێوشوێنی پلەبەرزی و دەسەڵاتداری خۆیان بەسەر ژناندا دەکەنەوە و ئەوەی لەنێو پارتەکان و دونیای سەرمایەگوزاریدا بەدەستییان نەهێناوە، بەهۆی دەستەمۆکردنی ژنانەوە، پێکەوەیدەنێن.

بە کورتی، ئەمانە بەشێکی بەرچاوی جیاوازییەکانن لە تێڕوانیندا، کە بێگومان لە کارکردن و تێکۆشانی ڕۆژانەدا، لە نێوەندەکانی خەباتی کۆمەڵایەتییدا، کە ژنانی ئازادیخواز لە هەموو هەنگاوێکدا خۆیان لە بەرامبەر ژنانی ڕامیار و دەسەڵاتخوازدا دەبیننەوە، جیاوازییە کردەییەکان ئاشکراتر و ڕۆشنتر بەرچاودەکەن، بەدڵنیاییشەوە، کۆمەڵێك جیاوازیی دیکەش دێنە پێشەوە، کە ئێمە هەرگیز لە وەڵامێکی ئەزموونگیرانەی سنوور دیاریکراودا توانای دەرککردیانمان نییە و تەنیا خەباتی ڕۆژگاری داهاتوو دەتوانێت وەڵامیان پێبداتەوە و بەرجەستەیانبکات.

**************************************************************

بۆ خوێندنەوەی بەشی یەکەم، کرتە لەسەر ئەم بەستەرەی خوارەوە بکە


بەشی یەکەم : http://wp.me/ppHbY-HN
بەشی دووەم : http://wp.me/ppHbY-HY
بەشی سێیەم : http://wp.me/ppHbY-If
بەشی چوارەم: http://wp.me/ppHbY-IH
بەشی پێنجەم: http://wp.me/ppHbY-IN
بەشی شەشەم:http://wp.me/ppHbY-Jg
بەشی حەوتەم:http://wp.me/ppHbY-Jo
بەشی هەشتەم: http://wp.me/ppHbY-Jv

> Eger pêmanwabêt, wellamekanî ême tewaw û dwa derkî mrovayetîn, ewa xerîkîn le xoman btêk sazdekeyn. Herweha eger pêmanwabêt, ew sîstemî rêkxistney komellge, ke ême xebatî bo dekeyn, dwayîn çawerrwanî û geşeyeke, ke mrovayetî pêydegat, ewa dîsanewe xerîkîn pûçgerayyekî dî le teputozî powçgerayyekanî dîke, çêdekeynewe. Soşyalîzm beheştêk nîye le asmanekanewe daygrîn û le perrawî efsanekanda bîdozînewe û modêrnîzey bkeyn, soşyalîzm xewnî mrovî zînduwe û be praktîkî şorrşigêrrane ketwarîy debêtewe û serkewtinîşî le kultûrbûyinda debêt, bebê ewe, le xeyallî goşegîrane û fentazî aydyalîstane bewlawetir nabêt.
>
> Hejên

Beşî dehem

**Êwe le korrukomellekanda wnin û amade nîn, îtir dekrêt bzanîn meydanî xebatî îwe kwêye? Ya eweta bo êwe piȘtî dezgayekî çap û nûsîn buwete hemû meydanêkî 'emelî?**

Azîzm, ber lewey wellamî pirsyareket bdemewe, dekrêt bzanim ew korr û komellaney ke to mebestin û enarkîyekan beȘdarîyan têdanaken, kamanen û le kwêy xebatî komellayetîyda westawn?

Eger mebestit le sendîkakanî serbedesellate ya rêkixrawe paȘkokanî parte çepekane, ke her rojey le Șwênêk wek kargî beharan qutdebnewe û paȘ maweyek bogendeken û depûkênewe, ewa be boçûnî min ewane nek korr û komellî krêkarîy û cemawerîy nîn, bellku hewllêkin bo destemokirdnî destbekarbûnî xobexoyî cemawer û krêkaran û nebûnyan zor le bûnyan baȘtre, çunke baȘ pûkanewe û nezokî her yekeyan, dunyayek naumîdî lay cemawer be xebat û twanay xoy, becêdehêllêt !

Lew barewe deyan nmûney bîst sallî raburdû leberdestdan, lewane "yekêtî bêkaran le kurdistan", ke hezaran kes xoy wek endam têyda nawnûskirdbû û "rêkixrawî serbexoy afretan", ke hemû Ȗtêk bû, tenya serbexo nebû, "komelley awarekanî kurdistan", rêkixrawekanî benaw krêkaran û karmendanî xestexanekan û Șuray penaberan û le serûy ewanewe fêdrasyonî sertaserî rêkixrawe krêkarîyekanî kurdistan, ke hemûyan letek pûkanewey partekanî hîkmetîzm, bûne merekebî ser kaxez.

Ew hewlle partîyane nek tenya mayepûç û destemokerî krêkaran û zehmetkêȘanî narrazî bûn, leweȘ xraptir naumêdgerî deyan û sedan endam bû, ke lew rêkixrawe paȘkoyyaneda kobûbûnewe û henûke bawerryan ne bexoyan û ne betwanay çînayetîyan nemawe û qederî xoyan dawete dest bzûtnewey ramyarîy wek lîstî nîocelalîyekan (lîstî gorran).

Be boçûnî min, eger le kurdistan enarkîyek bûnî hebêt û le xebatî komellayetîyda bo baȘtirkirdnî barî jyan ya gorrînî komellge û sîstemekanî berrêwebirdnîda beȘdarînekat, ewa enarkîbûnî xoy dexate jêr pirsyarewe. Çunke take meydanêk ke enarkîyekan be meydanî xebatî xoyanî bzanin, le rwangey ewanewe xebatî ȘorrȘigêrrane, tenya xebatî komellayetîye û hemû gorranêkîȘ le gorranî komellayetîyewe destipêdekat. Îdî ew xebate komellayetîye bo parrastinî jînge bêt ya baȘtirkirdnî barî guzeran, ya bo frawankirdin û sepandinî azadîye takekesîy û giȘtîyekan bêt. Bepêçewanewey ewewe, enarkîyekan hemû hewllêk bo ramyarîykirdnî bzave komellayetîyekan û arastekirdnî ȘorrȘî komellayetî berew ramyarîykirdin û bedestihênanî desellatî ramyarîy retdekenewe, çunke ȘorrȘ ya komellayetîye ya nîye û ewey be paȘgirîy ramyarîyewe heye, dje-ȘorrȘe. Her bew pêwere hemû rêkixrawe û korr û komellêkî paȘko bo partekan û desellat dje-ȘorrȘe. Çunke karî ew rêkixrawane berramyarîykirdnî xebat û pirse komellayetîyekane. Leberewey partekan tenya le ramyarîykirdnî xebat û pirsekanda bextî derkewtinyan wek destebjêr û nwêneranî serûxellkî debêt, bepêçewaneȘewe enarkîyekan tenya le xebatî komellayetîyda bextî kirdeyyekirdnewe (praktîzekirdin)î bîrokekanyan debêt û hizrî enarkî geȘedekat û bllawdebêtewe. Her boye le cyatî gemey parleman û Șerredendûkî nêwendî û serkirdayetî partekan, serȘeqamekan û mangirtin û karge û korr û komellekanî gerrek û xwêndinge û helldebjêrn, tawêk temaȘay kenalle telefzyonîyekan û torre komellayetîyekan, gewahî ew rastîyet bo dedat, ke le wllatanî ewrupî û emerîkîyda enarkîyekan le kwêy korr û komelle cemawerîy û komellayetîyekanewe westawn.

**Pêt wanîye eger desellat ledest jnan bêt, kuȘtubirr kemtir debêt û dadperwerî zyatir? BaȘtir nîye hawrrêyanî enarko fîmînîst ke to**

layengirî dekey xoyan kandîdbken ya rêkixrawe drustibken û le Şwênêkewe bibne hêz û biçne desellatewe?

Ewey ke pêtwabêt desellat le destî jnan ya krêkaranda [wek beŞêkî çewsawey komellge]da bêt, îdî dadperwerî msoger dekrêt, corêke le jyan le efsaneda û fêllkirdne le xudî jnan û krêkaran. Çunke desellatxuzan le hîç serdemêkda nehatûn benawî xoyanewe daxwazî bedestihênanî desellat bken, hemîŞe lejêr nawêkî dîkey wek netewe, krêkaran ya jnan hatûn û kneyan kirduwete nêw rîzî xebatkaran û bzûtnewe cemawerîy û komellayetîyekan.

Be gwêrey ezmûnekan û be boçûnî mnîs, ewe bîrokey jnanêke, ke xoyan be destebjêrî nêw jnan dezanin û pêyanwaye, ke zorîney jnan twananî bîrkirdnewe û xorrizgarkirdnî xoyan nîye û pêwîstyan be Şwaneyî ewan heye. Herweha ew boçûne be pagendeyekî jarawî pasawdeden, gwaye " le komellgeda pyaw desellatdare" û madam waye, baŞtre komellêk jin ew desellate bgirnedest. Eme leser kêŞ û serway heman balorey nasîwnalîstekane, ke dellên "eger dewlletî xoyîman hebêt û xoman fermanrreabîn, hemû endamanî netewe azaddebin, ya balorey markisîst-lênînîstekan, ke dellên "eger desellat ledestî êmeda bêt û hkumetî krêkarîman hebêt, hemû krêkaran û komellgeŞ azad debin" .

Bo têgeyiŞtin le pûçî ew pagendeye, ewende bese lew barewe wek nmûne, sernicî rûdawekanî sedey raburdû û seretay em sedeye bdeyn, taweku bbînîn, ke çon krêkaran le sayey desellatî dîktatorîy markisîst-lênînîstekanda xraptir lejêr sayey desellatî desellatî parlemanî borcwakanda deçewsanewe û çon kurdan le herêmî kurdistanî em rojgareda wek caranî serdemî be'si le rûy abûrîy û ramyarîy û komellayetî û tenanet kultûrîyewe deçewsênewe û wek çon le serdemî be'sda takekanî herêm "Şmal al'zîz" le rûy mafî bekarbirdnî zmanewe leçaw nawçekanî xwarû ple dû bûn, em roje le sayey desellatî borcwazî kurd"nasîwnalîstekan watenî desellatî xoyî"da nawçekan û zmanekan û zarawekanî dîkey kurdî be pledû dadenrên, herweha le sayey serwerîy Şajn elîzabêt û serokŞalyaran taçer û çîler û mêrkill'da jnan xraptir çewsanewe û deçewsênewe.

Weha pagendeyek deyewêt, awa nîŞanbdat, ke jnan le hîç bwarêkî kargêrrîy û fermandarîy û ramyarîy sermayedarîda rollyan nîye û hemû Ştêk bedest pyawanewe û jnan le derewey sîstemeken û her kes berregez nêrîne bû, îdî serwere ! Îngilîzwatenî eme "tersequle" ! Çunke jnan le heman sîstemî xêzanîda ballêkin le perurdey serkutgerane, her awa le dayenge û fêrgekanda ta degate zankokan, jnanî perwerdekar û mamwesta û wanebêj wek hawkare pyawekanyan azarî mindallan deden û be wanekanî serwerîy û pîrozkirdnî mêjûîy komellgey çînayetî û rewayetîdan be sîstemeke û demargîrîy ayînî û neteweyî mindallan û lawan debengdeken, jnan le fermangekanda wek hawkare pyawekanyan sûkayetî û karkirde dje mroyyekanî sîstemeke beser xellkîda deŞkênnewe, jnanî krêkar wek pyawanî krêkar, sermaye bo sermayedaran kellekedeken, letek hawkarekanyanda kêbrrikêdeken û paŞqul leyekdî degrin, jnanî berêweber, polîs û serbaz wek hawkarekanyan parêzgarîy le sîstemeke deken, jnanî sermayedar û ramyar û desellatdar wek pyawanî hawkaryan hewllî frîwdanî xellk û çewsaneweyan deden, jnanî parlemantar wek hawkare nêrînekanyan, deng be yasa dje mroyyekan deden, lewane yasay çend-jne bo pyawanî dewlletmend !

Dekrêt piŞkî jnan lew hemû tawananeda bepêy kemî hej marî jnan lew bwaraneda kemtir bêt, bellam eme bew wataye nîye, ke jnan lew sîstemda destîyan nîye û tawanbarnîn ya djî sîstemeken! Eger behîç Şêweyek le bwarekanî berrêwebirdnî komellge û ragirtnî sîsteme çînayetîyekeda beŞdarnebûnaye û jnan wek sruŞt û taybetîmendîy xoyan le mrovbûnî pyawan cyabûnane û xudbexud djî ew hemuwe tawanane bûnaye, ya belayenî kemewe ewaney ke ew pagendeye deken, djî hemû pêkhateyekî çînayetî û djî hemû core çewsaneweyek û hemû sîstemêkî çewsêner û hemû amraz û aydyolocyakanî çewsanewey mrov bûnaye, ewsa demantwanî bllêyn, egerî drustibûn û drustderçûnî weha pagendeyekî nalocîkî heye. Bellam bedaxewe ketwarî komellge û rûdawekan û sruŞt û pêkhatey stemgerîy le komellgeda pêçewanewey ew pagendeye deselmênin. Min lêreda tenya yek nmûne dehênmewe: ewendey jnan bexoyan le xeteney kçanda, le dûrînewey koendamî zawzêy bêwerijnanda, le kêbrikê û Şûkirdin beser yekdîda rollyan heye, pyawan natwanin ew karayî û rolleyan hebêt !

PaŞan, ew rêkixrawaney ke ta êsta pagendey rizgarî û azadî û yeksanî jnanyan kirduwe, bekirdewe pêçewaney eweyan selmanduwe; bewey ke xoyan xerîkî qutkirdnewe û rêkxistnewey jnanî narrazîn le pêkhate qûçkeyye stemkarekanda, wate sepandnewey rêkxistin û pêkhateyekî dîkey qûçkeyî fermander û fermander, pêŞrew û paŞrrew, ke le pêkhate qûçkeyye komellayetîy û abûrîy û ramyarîyekanîŞda heman bûn heye; xêzan, fêrge, mizgewt, karge, fermange û kargêrrîy û parleman û fermandarîy û dewllet. Bewatayekî dîke pesendnanewey heman pêkhatey zordarane û pirr stemkarîy, bellam em care benawî xudî jnan û rizgarî û yeksanîyewe.

Leberewe be boçûnî min [lêreda mercinîye eme boçûnî hemû enarkîyek bêt], eger birryarbêt grup û rêkixrawêk benawî jnanewe hebêt, ewa debêt rêkxistinêkî asoyî hebêt û amancî xokomekîykirdnî jnan bêt. Bellam ewey ke stem le jnan û pleçendîy û jêrdesteyî regezîy lenêwbibrêt, leberewey ke stemeke pêgey kultûrîy û abûrîy û ramyarîy heye û pirsêkî komellayetîye, kewate jnan tenya le bzûtnewe komellayetîye na nêwendîy û na qûçkeyyekanda detwanin hengaw bo welananî bnên û herweha bebê rakêşanî regeze komellayetîyekey dîke, ke le hemû bwarêkî jyan û karubarî komellgeda pêkewe kardeken û dejîn û ewîndarîy deken, esteme ew balldarey azadî bitwanêt betenya yek beall bifrrêt. Be watayekî dîke leberewey ke pirsî jnan, pirsêkî komellayetîye û bnemay abûrîy û kultûrîy û ramyarîy heye û be pêkhatey sîstem û berrêweberayetî komellgewe peyweste, hem rizgarî jnan be rizgarî komellge û xudî pyawanîşewe peyweste û hem erkî ser şanî pyawanî azadîxwaz û rizgarîxwaz û soşyalîstixwaze, ke peygrane hawpiştî bzûtnewey rizgarîxwazaney jnan bken. Çunke esteme çîn û twêje bindestekan bebê rizgarîy jnan wek beşêk lewan, rizgaryan bbêt, leberewe eger pyawanêk hen û xwazyarîy rizgarbûnyan le kotubende abûrîy û ramyarîy û kultûrîyekan, ewa hem wek erkî mroyaneyan û hem be naçarî pêwîste lepênaw rizgarîy jnan le pleçendî abûrîy û komellayetîy û hellawardin û stemî regezîy, şan be şanî jnanî azadîxwaz têbkoşn, wek gutim tenya leber rizgarbûnî jnan na, bellku leber rizgarbûnî xudî pyawanîş!

Ştêkî dîke ke nabêt lebîrî bkeyn, eweye, eger caran pêş pêkhatnî dewlletî sertapagîrî hawçerx [neteweyî], stem le jnan zyatir barêkî kultûrîy bexowegirtbêt û ayîn rêkxer û dyarîkerî roll û pêgey pledûy jnan le komellgeda bûbêt, ewa lem rojgareda parleman û fermandarîy û wi yasa û dewllet û dezge ramyarîyekan dyarîgerî ew rêwşiwênen, be nmûne birryarî çend-jne lelayen parlemanî herêmewe, geştî jnan be hamrrayî nêrîneyekî xêzanekey û ..tid. Bem core eme selmênerî ew rastîyeye, ke stem le jnan lem rojgareda rîşe û bnemay ramyarîy û abûrîy û sîstmatîkî heye û ewî djî hellawardin begşitî [regezîy, zmanî, nejadî, ayînî, hellawirdin leser bnemay reng û şwênî ledaykbûn] û lem peywendeda be dyarîkrawîy hellawardinî regezîy [jnan û pyawan] bêt, xobexo naçardebêt, ke djî hemû pêkhate û dezge qûçkeyyekan, ple û paye ser û xwarekan, nayeksanî abûrîy û nayeksanî desellat û nayeksanî erk û maf û djî sîstemî ramyarîy be parlemanî û naparlemanîyewe, têbkoşêt û hewllî komellayetîykirdnewey çareserî pirsekan û natebayyekan bdat, eger na, ewa xobexo serî le drustkirdin û qutkirdnewey deyan rêkixrawî qûçkeyî destebjêrane û ramyarîy benawî jnan û mindallan û jînge û ajell û çîn û twêjekanewe derdeçêt û dwacar herçende amancîşî xizmetkarîy serwerîy çînayetî nebêt, her aw be aşî serwerîy dewlletda dekatewe .

## Cyawazî enarko-fêmînîzm û fêmînîzmekanî dîke çîye?

Eger be çend destewaje kurtî bkemewe, ewa be xwêndnewey min bo enarkofêmînîzm wek têrrwanînî enarkîstî lemerr nehêştinî stem û hellawardin beramber jnan, enarko-fêmînîstekan amancyan zîndûkirdnewey gyanî xorrizgarî û xokarabûne lenêw bzavî jnanda dij be koyletî ple-çendîy jnan le paş koyletî pyawanewe. Bewatayekî dîke enarko-fêmînîstekan bepêçewaney araste fêmînîstîyekanî dîke, kar bo destemokirdnî jnanî azadîxwaz lejêr raberayetî xoyan naken; hem raberayetî xoyan beser ewanî dîkeda retdekenewe û hem raberayetî ewanî dîke beser xoyanda retdekenewe, be watayekî dîke raberayetî û rêkxistinî quçkeyî (hîrarşî) be parêzerî koylemanewey jnan û çewsawan begşitî dezanin.

Enarko- fêmînîstekan pêyanwaye û beboçûnî mnîş boewey jnan azadî bistênin û xoyan le dawekanî babsalarî û sîstemî hellawarêzî mrovekan begşitî rapsênin, sereta pêwîste lenêw rîzekanî xoyanda ew pêkhate û plebendîye bawane retbkenewe û lenêwbern. Rizgarî jnan le ple-çendî komellayetî û yasayî tenya be rîformî çend xallêk le yasay serweranda nayête dî, bellku pêwîstî be lêdan û lenêwbirdnî paye abûrîy û ramyarîy û kultûrîy û yasayyekanî hellawardin û hellweşandnewey pêkhate parêzerekanî ew bnemayane heye, ke hemû pêkhateyekî qûçkeyî degrêtewe.

Berrêzm, lew bawerreda nîm, leser ewe nakok bîn, ke azadî nadrêt, bellku desênrêt. Dey kewate kesêk xoy wîstî (îradey) azadbûnî têda nebêt, kes natwanêt bbête rizgargerî le rêwşiwênî nalebarî komellayetîy. Emeş pêwîstî be huşyarî xokarabûn û xorraderbrrîn heye û ew rêkixraw û komellaney ke hawşêwey xudî dewllet û part û xêzan, rêkixrawn û pêkhatûn, natwanin çwarçêweyekî guncaw bin bo xorrizgarî û xokarabûn. Çunke lewêşda komellêk fermander û ple-yekin û komellêkîş fermanber û ple-dû. Her bew core jnanî ple-yek ( raberan û skirtêran û lîprisrawan û serkirdan ) û jnanî ple-dû ( gwêrrayellan û fermanberan û jêrkirdan ) lew rêkixrawaneda berhem dehênrênewe. Bem core rêsekeman debêewe xurî û jnanêk ke le taw stem û bêderetanî hatûneteder û deyanewêt rizgaryanbêt, em care

lelayen hawrregezekanî xoyanewe, be torêkî wirdtir û zîrekanetir lewey bawk û mizgewt û part û dewllet û yasakanyan, jnanî narrazî rawdekrêtewe û le çwarçêwey yasay serwer û jêrwer, fermande û fermanber, pê$rrew û pa$rrewda kotubend dekrênewe. Îdî bew core rizgarbûnyan lew callcalloke aydyolocîyey hellawardin û ple- plekirdin estemtir debêt, leberewey ke dllixwastaney xoyan û le nahu$yarîyewe xoyan ew biryareyan dawe û her katêkî$ serpêçî û hellgeranewe le koyletî nêw ew rêkixrawane bbête xeyallî serî jnêkî azade, ewa tomete morrallîyekan û yasa û sza komellayetî û abûrîy û ramyarîyekan amaden û dergey zîndanekan bo tawanbarkirdinyan be tometî hellbestraw, awella dekrêt.

Beboçûnî min, rizgarî; hengawî yekem le naxî xomanewe destipêdekat, lewêwe ke dîwar û kot û zincîre kultûrîy destkirdekanî xêzan, mizgewt û komellge û dewllet û haw$êwekanyan le awezmanda brruxênîn û bipsênîn û le kollyanbkeynewe, taweku bitwanîn le têko$anêkî komellayetîyda letek hawçîn û hawtiwêj û hawderdekanimda yekbigrînewe. Eme bo her mrovêkî çewsawe û bindest, ke xwazyarî azadbûne, druste. Pa$an "na"gutin be her ferman û yasayek, ke desellatî [oturîtey] kesanî dîke besermanda desepînêt û milkeçî zallbûn û pawangerîy [domîneytgerîy] ewanî dîkey hawcor ya nacorman dekat, xobirryardanî gereke. Êmey çewsawe ya jnan natwanîn xwast û xewnekanyan be kesanî dîke bispêrîn û byankeyne demrrastî xoman, çunke le nêwan fermandanî nêrînekanî xêzan û fermandanî desellatdaranî komellge û yasakanî dewllet û peyrrewprogramî partekanda cyawazî nîye û ewey kê dyarîbkat, ke çî bkeyn û çî nekeyn, ya ewey kesanêk dîke benawî êmewe bibne skirtêr û raberî rêkixrawe û komellekanman û fermanman pêbden çon xebat bkeyn û le kwê xebat bkeyn û çon hellwêst werbigrîn, hîç cyawazî nîye û nabînrêt !

Eger jnanî azadîxwaz xwazyarî hellwe$anindnewey hellawardnin lenêwan xoyan wek regezî mêyne û bawk û brakanyan û nêrînekanî komellgen, ewa hengawî yekem pêwîste lenêw xudî bzavekeda djî her hellawardin û plewêrîyek bin ke pêkhatey qûçkeyî rêkxistin deysepênêt. Bzavêk ya rêkixrawêk ke hellgirî towî ple-yekî û ple-dûy xudî jnan benêwî raberan û rêberîkrawanewe bêt, natwanêt hellgirî peyamî yeksanî û dijbûn be hellawardin bêt û serencam becorêkî dîke jnan destemoy pêkhate quçkeyye pirr hellawêrîyekan dekatewe. Leberewe jnanî azadîxwaz (enarko-fêmnîst) xobexo djî plebendî nêw bzaveke û rêkixrawekan debin û $waneyî hîç jin û pyawêk be rewa û drust nazanin û bewperrî twanayanewe wek her pêkhateyekî dîkey babsalarî û sîstemî nayeksanî mrovekan, djayetîyan deken û lenêwbirdinyan be erkî destbecêy xoyan dezanin.

Jnanî azadîxwaz pêwîstîyan be forumî komellayeyî leser astî gerrek û $wênî kar, nîtworkî jnan, ke pi$t be rêkxistin û peywendî zincîreyî û labelayî asoyî (nek serewixwarî) heye. Bo nmûne: jnanî kollanêk, gundêk, gerrekêk detwanin forumêkî kraweyan hebêt û leser pirsekanyan wtuwêjbken, bo nmûne awkê$an ke karêkî taqeprrukênî komellgekemane, beser pyawanî$da bsepênin û bew core pyawan rastewxo letek griftêkî komellayetî û her rojey komellge rûbewudebin û naçar $an be$anî jnan deçne cengî awdzanî komellgewe, deçne pay xebat bo dabînkirdnî awî pêwîst bo hemuwan. Em nmûneye bo zor bwar û go$ey xebatî rojane kirdeyye û dekrêt sûdî lê werbigîrdirêt. Eme $êwazî xebatî jnanî (kirla)î hîndustane djî karxanekanî kokakola û xwardnewe gazîyekanî dîke, ke bûnete hoy kemkirdnewey awî xwardenewe le nawçekanyanda.

Wek amarekan nî$anîdeden, jnan leser kar nîwe ya kemtir le mûçey pyawan werdegrin û tenanet le emerîka û wllate ewrupîyekanî wek allmanya û brîtanya'$i her waye, jnan le beramber karêkî haw$êweda berrêjey 25% mûçe û krêy kemtir le pyawan wer degrin. Dekrêt lem bareda kemkarî bew rêjeyey kemî mûçekeyan berawrid be hawkare pyawekanyan, karî kemtir bken û kare kellekebuwekan bxene ser$anî hawkare pyawekanyan [-ke bo tenya carêkî$ bebîryanda nehatuwe û bîryan lê nekirduwetewe; boçî jnanî hawkaryan beramber hemankar, mûuçey kemtir werdegrin]- û becore naçarîyek detwanin byankê$ne pay xebat bo mûçe û krêy yeksan. Jnanêk ke karî derewey mall deken û hawkatî$ karî nêwmall û serper$itî mindallyan leestoye, her be harîkarî û hawrrîzî jnanî gerrek û kollan û tenanet serkarî$, detwanin le çwarçêwey sekokeyanda [forumekeyanda] birryarî sepandinî be$êk le karî nêwmall û serper$itî mindallan beser pyawekanyanda bden û bew core pyawanyan be$dar û naçar be bîrkirdnewe bo rizgarbûn û komellayetîykirdnewey karî nêwmall û serper$itîkirdnî mindall, bken. Eme$ daxwazî dayenge û baxçey mindallan û çê$txaney gi$tî dênête arawe, ke detwanin payey komellgeyekî nwê bin, ke têyda karî nêwmall û bexêwkirdnî mindall kar û erkî komellgeye.

Beboçûnî min, leber ro$nayî aydyay jnanî enarko-fîmînîstda cyawazîyekan gelêk zorn. Lepall emane$da pêwîste eweman lebîrneçêt, her awa rizgarî jnan, krêkaran, cutyaran û xwêndkaran û ... Tid tenya le twanay xudî jnan, xudî krêkaran, xudî cutyaran, xudî xwêndakarn û ... û .. Tiddaye, her awa$ gorrînî bendêkî yasayî wek çend-jne ya nehê$tinî nerîtêkî komellayetîy wek xetene û pa$ek$ê

be rêsayekî ayînî wek Şelaqdan û zîndebeçallkirdnî jnan, be wajokokirdnewe û namegorrînewe letek serweran û çûne parlemanî sedan jin, natwanêt allugorr le jyanî ketwarîmanda bkat û le rizgarbûn le dest ew yasa û nerîtane nzîkmanbkatewe. Bellku her gorrnêk, pêwîstî be hellxirran û bercestebûnî bzavî komellayetîy heye, pêwsitî be amadeyî tak heye, pêwîstî be hoŞyarî xokarîy û xobirryardan û xohengawnan û xocêbecêkirdin û xopyadekirdin heye, emeŞ pêwîstî be rêkixrawe cemawerîye serbexokan heye wek fêrge û perwerdgey jnanî azadey komellgey nwê. Lêreda rêkixrawekan bêcge le çwarçêweyek ya çetrêk bo kowebûn û huŞyarîy û yekgirtin û zîndûkirdnewey wîstî azadîxwazîy û yeksanîxwazîy, fêrgeyekîŞ debin bo û perwerdey mrovî komellgey nwê, her leberewe grupe xocêyî [forumekanî gerrek û torre sertaserîyekan] û cemawerîyekanî jnan pêwîstîyan be raber û serkirde û jnanî pleyek nîye, pêwîstîyan be rênwênî pyawanî serkirdayetî partekan û çepllerrîzan û çenebazîy holekanî perleman nîye, bellku tenya pêwîstyan be xohuŞyarîy û xokarayî û xokomekîy û xowîstekî endamanyan heye.

Min, stem û hellawardin beramber jnan tenya lelayen pyawanewe nabînim, bellku zorcar lelayen xudî jnanewe em stem û hellawardne pere pêdedrêt. Bo nmûne kem nîn ew jnaney ke xoyan bezor beŞû drawn û keçî heman piŞtîwanî le heman stem dekenewe û kiç û newekanyan dexene jêr fŞar û naçarkirdin. Kem nîn ew jnaney ke xoyan xetene krawn û bûnete qurbanî ew tawane û keçî bedestî xoyan kçekanyan debene berdem gwêzanî jengînî jnanêkî drrinde û xeteneger. Kem nîn ew jnaney ke le jyanî jin û mêrdayetîyanda bacî brre alltun û mareyî û 'ewdallbûnî pyawî dewllemednîyan dawe, keçî kçekanyan leser heman Şêwazî bîrkirdnewe perwerdedekenewe û deyanxenewe jêr çekmey sûkayetî pyawe darakan. Kem nîn ew jnaney jinyan beserda hatuwe û kihçî kçekanyan naçar be danîŞtin lay pyawanêkî frejendar [heremseradar] deken. Kem nîn ew jnaney ke le jyanî xoyanda hawellêkî xoŞewîstî xoyan leser ewîndarî kujrabêt, keçî bexoyan wtî wtî leser kçe drawsê û xizmanî xoyan deken. Kem nîn ew jnaney ke lelayen xesûyanewe sûkayetî û stemyan lêkrawe, keçî bexoyan heman kar û reftar beramber bûkekanyan dekenewe, bem core debîn stem le jnan dyardeyekî allozî frerrehendî komellgekemane, nek tenya dahênrawî yasayekî nûsrawe ya zordarî pyawanêk. Katêk ew boçûne lawazane dexwênmewe, ke stem le jnan bo ayînî îslam betenya degêrnewe. Berrastî ew jin û pyawane cêgey bezeyîn, ke xwêndnewey awa serpêy bo dyarde komellayetîyekan deken. Stem le jnan rehendî mêjûy heye û ew rehende zor le îslam û aynekanî dîkeyŞ kontre. Bem core nebînî em drawe ketwarîyane, nebînînî zemîne kultûrîy û abûrîy û ramyarîyekanî stem lelayen rêkixrawe qûçkeyye ramyarîye paŞkokanî dsellat û partekanewe, xallêkî dîkey cyawazî çonyetî têrrwanîn û derkkirdnî stem û hellawardinî jnane, lelayen fêmînîste desellatixwazekanewe û lelayen fêmînîste dje-serwerekanewe [enarkofêmînîstekan]. Enarko fêmînîstekan be qullî le hemû pêkhate û dezgeyekî komellge û berrêweberayetîyekeyda le dûy reg û rîŞe abûrîy û kultûrîy û ramyarîyekanî stem û hellawardin, degerrên û radîkallane hemû amraz û mîkanîzm û pêkhatyek, ke aferêner û parêzerî stem û hellawardin bêt, retdekenewe û le xebatî rojaney cemawerîy û komellayetîyda hengaw be hengaw bo srrînewey le hoŞ û le kirdewe û le axawtinî takekan û le nêwende komellayetîyekanda, bebê wçan têdekoŞn.

Min nallêm bawerrekanî îslam destîyan lew stem û tawananeda nîye, na û nexêr, hergîz betemanîm Ştêkî awa bllîm. Bellam guncan û tebayî û rêkkewtêk lenêwan bawerrekanî îslam lemerr roll û rêwŞiwênî jin û pêkhate û têrrwanînî xîllekîyaney komellgey kurdistanda heye. Egîna be kutuprrîy û le çawtrukanêkda tîrorî jnan û etkkirdinyan neydetwanî bew rehende rîŞeyî û trisnakewe le dehey yekemî hezarey sîyemda amadebêt. Kesanêk ke bextî huŞyarbûneweу radîkallî azadîxwazaneyan hebuwe ya rûdawekanî rojgar bew huŞyarîyey geyandûn, ewe dezanin ke bawerrekanî îslam paŞbnemayekî xêlekîyaney nîwedûrgey 'erebîyan heye û komellgey kurdistanîŞ bnemayekî xêllekîyaney heye û yekangîrbûnî em duwaneye, ke zemîney berdbarankirdin û lutbrrîn û sutandin lebardeken û pêkdehênin. Bo têgeyîŞtin û derkirdnî em pêgeyîŞtne, xwênerî azîz detwanêt sernicî cyawazî hejmarî kuŞtinî jnan û barî yasaxî ewîndarîy bden; lew nawçaney ke be qonaxî xîllekîbûnda tîperrîwun û takayetî hêŞta tyayanda bercestenebuwe û rêsaxêllekîyekan tyayanda serwern, letek bew nawçaney ke zû nîŞtecêbûn û Şîraze û bnemay xêllekîy peywendîyekanî nêwan takekanî pêknahênêt û pêkewey nebestûn, berawirdibken. Meger îslam her ew îslame nîye, ke le herdûlayanda amadeye, boçî le Şwênêk zortir jin dekujêt û le Şwênêk ya hîç ya kemtir dekujêt. Herweha eger sernicî ayînekanî dîkey komellgeman bdeyn û gutrawekanyan bixwêninyewe, eger zortir le îslam jin bekem negrin, ewa sûkayetîykirdinyan be mêyne kemtir nîye. Leberewe ayînî îslam tenya wek amrazêkî guncaw lelayen komellgey xêllekîy kurdistan û kultûrî dje-jnîyewe kellkî lêwergîrawe, nek ewey ke le xudî komellgekeda têrrwanînî hellawêrrane û stemgerane û bkujane djî jnan nebûbêt û ayînî îslam letek xoy hênabêtî, wek çep û nasîwnalîstekan pagendey deken.

Herweha eger sernicî birryardanî perlemanî herêmî kurdistan leser yasay çend-jne bdeyn, debînîn hîç bzûtneweyekî komellayetî [bzûtnewey komellayetîy nek beyanname û sermayeguzarîy ramyarîy partekan] kardanewey nîŞanneda û nebuwe hoy narrezayetî û mangirtin û destlekarkîŞanewe. Eger be prupagendey bêbnemay jnanî serewey rêkixrawe babsalar û partsalarekanî benaw jnan û

çepekan buwaye, debû jnan le hemû nawçekanî kurdistanewe, le hemû Şar û gundekanewe be xopîŞandan û mangirtin û rêpêwanî çend roje berew parleman û dezge ballakanî mîrî brron û dagîryanbken û daruperdûyan be yasa çendijnekeyanewe bsûtênin, her awa ke deheyek lemewber le wllatêkî eferîkayîda jnanî yaxî nêwendekanî desellatyan dagîrkirdin. [ BaŞ lebîrm nemawe le seretay hezarey sêyemda le çi wllatêkî efrîkî bû, ke jnan rabûn û zor Şwênî giŞtî û dewlletîyan dagîrkird û beçek û be hêzî yekgirtûy xoyan daxwazîyekanyan sepandin]. Bellam le kurdistan hîç yek lemane rûyanneda û tenanet wek bllêy ke hîç Ştêkî peywest be jnanewe le komellgeda rûynedabêt. Eme nîŞaney bêbirwayî xudî jnane be hêzî xoyan, eme nêŞaney wirduxaŞbûnî kesayetî û destemobûnî hezaran salley jnane bo rêsay hêze kultûrîyekan û yasa ramyarîyekan. Eme nîŞaney amadenebûnî xohuŞyarî û wîstî azadrrewaney jnanî komellgekemane, eme berhemî piŞtbestinî jnane be rêkixrawe benaw jnîyekan û parte ramyarîyekan û bzave rîformîstekan. Eme nîŞaney rambûn û destemobûnî jnanî rizgarîxwaz û yeksanîxwaze bo jnanî destebjêr û pêkhate serû jnîyekan.

Beboçûnî min, eger her yeke le ême, çend mangêk leser ew rûdawe buwestêt û bnûsêt û lêkîbdatewe û twêjînewey leser bkat, hêŞta be encamî kotayî û hemelayene nageyn. Le komellgeyekda ke parte ramyarîyekan bo xoqebekirdin û sermayeguzarîy ramyarîy pagendey skîwlarîstibûnî kurdistanekeyan bken û rojane em destewaje pirr sûkayetî û pûçane "êre efxanistan nîye, êre efrîqa nîye, êre byaban nîye, êre wllatanî 'erebî nîye" hezarbare bkenewe û rêkixrawe jnîyekan ke birryarî smêllizlekanî nêwendî partekanyan be jnan degeyêyn û tenanet hendêkyan dellallî bo hawpartîyekanyan deken û "8î mars" rojî narrezayetî û hawpiŞtî cîhanî djî hellawardinî jnan krabête boney ahengêrran û meynoŞî ramyaran, îdî Şayanî sersûrrman û gumankirdin nîye, ke boçî jnan awa bêdengin û tenanet jnan le kargeyek, fêrgeyek, gerrekêk, Şarêk, zankoyek, bo çend çirkeyek yasay çend-jne nebuwe meŞxelle û griftyan û bo berpêgirtnî û retkirdnewey wexonenekewtin !

Gorranî komellge le barêkî awa, gorranî rîŞeyî dexwazêt, ke tenya le xwarewerra twana û bextî rûdanî heye, rêk bepêçewaney xewnî fêmînîste borcwazîyekanewe, ke xerîkî namegorrînewen letek desellatdaran û kirdnewey nûsînge û nêwendî benaw jnan lenêw desellat û be pare û komekî ew pyawaney, ke xoyan çend jinyan le mallewe wek koyle ragirtuwe û xoyan destekanî tîrorî jinyanyan pêkhînawe û xoyan yasakan derdeken û wajoyandeken. Aya eme bellge nîye bo hawbeŞbûnî fîmînîzmî borcwazî, ke beŞdarî le çewsanewey jnanda dekat û be yasakan û desellat û dîmokratîyetekeyan xoŞbawerrîyan dekat û lenêwendyanda rêwŞiwênî pleberzî û desellatdarî xoyan beser jnanda dekenewe û ewey lenêw partekan û dunyay sermayeguzarîda bedestîyan nehênawe, behoy destemokirdnî jnanewe, pêkeweydenên.

Be kurtî, emane beŞêkî berçawî cyawazîyekanin le têrrwanînda, ke bêguman le karkirdin û têkoŞanî rojaneda, le nêwendekanî xebatî komellayetîyda, ke jnanî azadîxwaz le hemû hengawêkda xoyan le beramber jnanî ramyar û desellatixwazda debînnewe, cyawazîye kirdeyyekan aŞkratir û roŞintir berçawdeken, bedillnyayîŞewe, komellêk cyawazîy dîkeŞ dêne pêŞewe, ke ême hergîz le wellamêkî ezmûngîraney snûr dyarîkrawda twanay derkkirdyanman nîye û tenya xebatî rojgarî dahatû detwanêt wellamyan pêbdatewe û bercesteyanbkat.

******************************************************************

**Bo xwêndnewey beşî yekem, kirte leser em besterey xwarewe bke**
**Beşî yekem : http://wp.me/ppHbY-HN**
**Beşî duwem : http://wp.me/ppHbY-HY**
**Beşî sêyem : http://wp.me/ppHbY-If**
**Beşî çwarem: http://wp.me/ppHbY-IH**
**Beşî pêncem: http://wp.me/ppHbY-IK**
**Beşî şeşem: http://wp.me/ppHbY-Jb**
**Beşî hewtem : http://wp.me/ppHbY-Jm**
**Beşî heştem : http://wp.me/ppHbY-Jt**